# حوكمی ئەو كەسەی كە ئیسلام بەكار دەهێنێت بۆ مەبەست وخواستەكانی خۆی

# حكم من يستغل الإسلام لأغراضه الشخصية

< كوردی – كردي – kurdish >


شێخ محمد كوڕی صالح كوڕی عوثەیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

الشيخ محمد بن صالح بن عثيمين (رحمه الله )



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوكمی ئەو كەسەی كە ئیسلام بەكار دەهێنێت بۆ مەبەست وخواستەكانی خۆی

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد كوڕی صالح كوڕی عوثەیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) كراوە :

**پرسیار** : ڕای زانایانی بەڕێز چیە لەبارەی ئەو كەسانەی كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەكار دەهێنن بۆ خزمەتكردن و جێ بەجێ كردنی مەبەستەكانی خۆیان ؟

**وەڵام** : سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە ..

سوپاس بۆ خوای گەورە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینێكی دروست و كامڵە وەك ئەوەی زانراوە و لای خەڵكی بووە بە ڕاستیەكی حاشا هەڵنەگر، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا﴾ [ البقرة :119].

واتا : بەڕاستی ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) ئێمە تۆمان هاوڕێ لەگەڵ حەق و ڕاستەقینەكاندا ڕەوانە كردووە تا مژدەدەر بێت بە ئیماندااران و ترسێنەر بێت بۆ بێ باوەڕان .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر لەوە گەورە تر وبەرز ترە كە مرۆڤ بیكات بە هۆكارێك بۆ بەدیهێنان و جێ بەجێكردنی مەبەستە تاكە كەسیەكانی خۆی، بۆیە ئەو كەسەی بانگەشەی پابەند بوون بە تەعالیمەكانی ئیسلامەوە دەكات وخۆی بەیەكێك لە پارێزەرانی دەزانێت پێویستە ووتە و گوفتارەكانی هاوتەریبی كردارەكانی بێت تاوەكو بیسەلمێنیت كە ڕاستگۆیە لە ژیانیدا، چونكە ئەوە دووڕووەكانیش بانگەشەی ئەوە دەكەن كە باوەڕدارن وپابەندن بە ئیسلامەوە، بۆیە كاتێك كەسێك گوێی لێیان دەبێت دەڵێت ئەمانە باوەڕدارن، بەڵام لەڕاستیشدا وانین، هەروەك خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی : ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ﴾ [ المنافقون : 1] .

واتا : ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کاتێك ناپاك و دووڕووەکان دێن بۆ لات و دەڵێن: ئێمە شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت .

بەڵام پاشان خوای گەورە لە بەرامبەر ئەو درۆیانەدا دەفەرموێت : ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ * ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ [ المنافقون : 1-2] .

واتا : خوا خۆی چاك دەزانێت کە تۆ پێغەمبەر و فرستادەی ئەویت، لە هەمان کاتدا، خوا شایەتی دەدا کە ئەو ناپاك و دووڕووانە درۆزنن * ئەوانە سوێندی درۆیان کردووە بە قەڵغانی خۆیان و بەو هۆیەوە بەربەستی خەڵکیان کردووە لە ڕێبازی خوا، بەڕاستی ئەوەی ئەوان دەیانکرد، کارێکی زۆر ناپەسەندو نابەجێ بوو.

تا ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا رَأَيۡتَهُمۡ تُعۡجِبُكَ أَجۡسَامُهُمۡۖ وَإِن يَقُولُواْ تَسۡمَعۡ لِقَوۡلِهِمۡۖ كَأَنَّهُمۡ خُشُبٞ مُّسَنَّدَةٞۖ يَحۡسَبُونَ كُلَّ صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ هُمُ ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ [ المنافقون : 4] .

واتا : کاتێك دەیانبینیت سیما و لەش و لاریان سەرسامت دەکات، کاتێکیش دێنە قسە (ئەوەندە دەم بازو قسەزانن) ئەوە گوێ دەگرێت بۆ قسەیان، دەڵێی داری وشکی بەدیواردا هەڵپەسێردراون، ئەوەندە لە ترس و بیمدا دەژین، هەر هاوارو و بانگێك بکرێت، هەر باسێك بێتە پێشەوە، وەدەزانن دژی ئەوانە، ئا ئەوانە هەر دوژمنن، کەوابوو خۆتیان لێ بپارێزە، وریایان بە، خوا بیانکوژێت و لەناویان بەرێت، ئاخر بۆچی وادەکەن، بەرەو کوێ لادران (بۆچی باوەڕی دامەزراو ناهێنن و لە ڕێبازی ڕاست لادەدەن).

بەڵێ دووڕووەکان بە شێوەیەك زمان لووس و قسە پاراوون مرۆڤ کە گوێی لە قسە وگوفتاریان دەبێت وا دەزانێت کە ڕاست دەکەن و لەسەر هەقن، بە هەر شێوەیەك بێت مرۆڤ نابێت ئیسلام بکاتە هۆکار بۆ گەیشتن بە مەرام و خواستەکانی خۆی وبەکاریان بهێنێت بۆ خزمەت کردنی مەبەستە تاکە کەسیەکانی خۆی، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار هەمو هەوڵ و کۆششێکی خۆی بخاتە کار لە پێناو عیزەت و شکۆی ئیسلام وموسڵماناندا تاوەکو ئەحکامەکانی لە سەر زەویدا جێ بەجێ بکرێن و لە دونیادا و چاوەڕوانی پاداشتی خوای گەورەش بکات لە دواڕۆژدا، وەك خوای گەورە

فەرموویەتی : ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗا﴾ [ النور : 55] .

واتا : خوا بەڵێنی دڵنیابەخش و تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بە ڕاستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین و پایەداریان دەکات لە وڵاتدا هەروەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنشین کردووەو ئەو دین و ئاینەیان بۆ دەچەسپێنێت خوا خۆی پێی ڕازیە، هەروەها ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی، ئەو کاتە ئیتر بە تەواوی هەر من دەپەرستن و هەرگیز هیچ جۆرە هاوەڵ و شەریکێکم بۆ بڕیار نادەن .

وە فەرموویەتی : ﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ [ النحل : 97] .

واتا : هەر ئیماندارێك ـ نێرینە بێت یان مێینە ـ کارو کردەوەی چاك بکات، ئەوە لە دنیادا بە کامەرانی و شادی دەیژێنین، وە لە ڕۆژی دواییشدا بە گەلێك باشتر لەوەی دەیانکرد، پاداشتیان دەدەینەوە.

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : مجلة الدعوة : ژمارە (1288) لە بەرواری : 1411/11/11 کۆچی.